ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

پەیامی قیبلە

زنجیرەی
۹



# پەیامی هاوسەرداریی

د.عومەر عەلی

زنجیره (٩)

پەیامی هاوسەرداریی

# ژن خواستن و جیابوونەوە

الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ

د. عومەر عەلی

پەیامی قیبلە
رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتیب: پەیامی هاوسەرداریی

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (      )ی ساڵی (      )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، ولا عدوان إلا على الظالمين، والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه أجمعين.. لە پاشان

## دەروازەو تێگەشتن

زۆر جار زۆر کەس پرسیار دەکات چ بە تەلەفۆن یان ئیمەیڵ لەسەر تەڵاق، جۆرە بێتاقەتیەکی تیا بەدی دەکرێت وەك ئەوەی کە ئەمە کارێکی تایبەتیەو پێی ناخۆش بێت کە کەسانی تر بیزانن، لە کاتێکدا کێشەکە بە خۆی چارەسەرناکرێ و پێویستە کەسانی تر لێی ئاگادار بن، ئەو ترسەی هەیە کە لە ڕووی مامۆستاکەوە ئەم کێشە خێزانیەی ئاشکرا بکرێ و کەسانی تر ئاگاداربن بە کێشەکەی.

بێگومان هەموو مامۆستایەکی ئاینی دەبێت هەموو ئەوکارانە وەك ئەمانەت تێی بڕوانن، هەموو ئەو شتانەی لەو نێوانەدا باس دەکرێت بپارێزرێت و وە ڕێزێکی تایبەتیش بۆ پرسیارکەر دابنرێت مادام پابەندە بە شەرعەوەو کێشەکەی بۆ شەرع دەگەڕێنێتەوە، ئەمە بەڕاستی کارێکی زۆر گرنگەو دەبێت هەمووومان گرفتەکانمان بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی

بگەڕێنینــەوە هــەروەك خــوای گــەورەش دەفەرمــووێ: { يَـا أَيُّهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـوا أَطِيعُـوا اللَّـهَ وَأَطِيعُـوا الرَّسُـولَ وَأُولِي الْأَمْـرِ مِنْكُـمْ فَـإِنْ تَنَازَعْتُـمْ فِي شَيْءٍ فَـرُدُّوهُ إِلَى اللَّـهِ وَالرَّسُـولِ إِنْ كُنْتُـمْ تُؤْمِنُـونَ بِاللَّـهِ وَالْيَـوْمِ الْآخِـرِ }[١] وەك لـەم ئایەتـەدا دەردەکەوێـت ئەگـەر ئێمـە بڕواداربیـن دەبێـت گوێڕایەڵـی خـواو پێغەمبەرەکـەی بیـن و هەرگرفتێکـمان هەبـوو بیگەڕێنینـەوە بـۆلای ئـەوان ئەگـەر باوەڕمـان بـە خـواو ڕۆژی دوای هەبێـت. کەسـانی وا هەیـە لەوانەیـە بـە هەزارەهـا تەڵاقیشـی کەوتبێـت و هـەر گوێشـی تێنـەدات!!! هـەم خـۆی هــەم خێزانــە بەدبەختەکەشــی لــەو تاوانــەدا بژیــن و ئاســایی منداڵیــش بخەنــەوە. بــەڵام دەکرێــت بــۆ پەنــد وەرگرتــن بــاس بکرێــت بەبــێ نــاو هێنـان بـۆ نمونـە بـاس لـە شـتێك دەکرێـت یـان لـە نێـوان دووکەسـدایت بـۆ پێکهێنانیـان بلێـی کاری واو وا بـووە بـەڵام بـە بـێ ناوهێنـان و بەشـێوەیەکی وا بیسـەر نەزانێـت مەبەسـتت کێیـە، جـا ئـەو کاتـە هـەم کەسـی خـاوەن کێشـەو گوێگـر سـودمەند دەبێـت وە ئەوکەسـەش کـە کێشـەکەی بـووە پێشـترو مامۆسـتاکە نمونەکـەی دەگێڕێتـەوە پـاداش وەردەگریـت هەمـووی بـە لێزانینـی ئـەو مامۆسـتایە! وەگـەر بـە پیچەوانـەوە بـوو بێگومـان کارەکانیـش پیچەوانـە دەبێتـەوە، لێـرەدا واز لـەم مشـتومڕە دێنیـن و ڕاسـتەوخۆ دەچینـە ناوەرۆکــی باســەکەمان.

ئەگـەر بێـت و ئێمـە بگەڕێینـەوە بـۆ مێـژووی پێـش ئیسـلام جۆرەهـا زەواج و مارەکـردن هەبـووە وە یەکێـك لەوانـە ئـەم جـۆرە زەواجـەی ئێسـتامانەو شــەرع پەســەندی کــردوو هێڵایــەوە، کۆمەڵێــك مەرجــی بــۆ دانــا، لــەو زەواجانـەی کـە پێـش ئیسـلامدا هەبـوو هەندێکیـان بـۆ نمونـە بـاس دەکەیـن لەوانــە:

١ سورەتی النساء ئایەتی ٤

**١- نكاح الشغار:**

ئـەم جـۆرە ئەوەیـە کـە کەسـێك کچەکـەی خـۆی یـان کەسـێك کـە لەژێـر ڕکێفـی ئەمدایـە دەیکـرد بـە ژن بـە بـێ ئـەوەی هیـچ مارەییـەك بـۆ کچـەکان دابنرێـت، بێگومـان ئەمـە مافـی کچـەکان دەفەوتێـت بۆیـە ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام نەرێـی لێکـرد وەك پێغەمبـەر درودی خـوای لـێ بێـت دەفەرمـووێ {نهـی رسـول اللـه صلـی اللـه علیـه وسـلم عـن الشـغار } لـە فەرموودەیەکـی تـردا هاتـووە { لا شـغار في الاسـلام }[٢] ئـەم جـۆرە زەواج کردنـە ڕەد کرایـەوەو لـە ئیسـلامدا شـتی وانیـە[٣] . بـۆ ئـەوەی کـە زەواجەکـە دروسـت بێـت دەبێـت مـارەی تێـدا هەبێـت و هەریەکـەو مـارەی خـۆی دیـاری کـراو بێـت بەبـێ سـتەم لێکـردن.

**٢- نكاح المقت:**

ئەمـەش ئـەو جـۆرە دەگرێتـەوە کـە کەسـێك ژنەکـەی باوکـی نـەك دایکـی خـۆی، ژنێکـی تـر جگـە لـە دایکـی خـۆی، بـۆ نمونـە کەسـێك دوو سـێ یـان زیاتـر ژنـی هەبـوو بێـت، بـۆ ئـەم کـوڕە هەبـوو کـە ئـەم ژنـە بهێنـی بـۆ خـۆی بـە بـێ ئـەوەی هیـچ مارەیەکیشـی بداتـێ، بـە بـێ ڕەزامەنـدی خۆشـی، خـۆ ئەگـەر خـۆی بەدڵـی نەبوایـە کەسـێکی تـری نزیکیـان دەیتوانـی ئـەم کارە بـکات وەیـان هـەر دەیـان توانـی بەرگـری لـێ بکـەن و نەهێڵـن شـوو بـکات تـا دەمرێـت، کـە مـرد میراتەکـەی ببـەن، شـەریعەتی ئیسـلامی ئـەم جۆرەشـی ڕەد کـردەوە وەك خـوای گـەورە دەفەرمـووێ { ولا تنکحـوا مـا نکـح آباؤکـم مـن النسـاء الا مـا قـد سـلف انـە کان فاحشـة ومقتـا وسـاء سـبیلا }[٤] نەکـەن ئـەو

٢ نیل الاقطار ج٥ ص ١٤٠
٣ المدخل لدراسة الشریعة الاسلامیة دکتۆر عبدالکریم زیدان لاپەڕە ٢٤
٤ سوتەتی النساء ئایەتی ٢٢

ئافرەتانە مارە بکەن کە پێشتر باوکتان مارەی کردبوو، مەگەر ئەوەی کە ڕابوورد ( لەسەردەمی نەفامیدا پێش حەرام کردنی ) بەڕاستی ئەو کارە گوناهێکی گەورەو ناشرین و ناپەسەندەو ڕێبازێکی خراپە[5] هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێ { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ }[6] ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە دروست نیە بۆتان ژنان بە زۆر بکەنە میراتی خۆتان و دەستیان بەسەردا بگرن، ( وەك کەلوپەلی تری ناوماڵ )، ناچاریان مەکەن تا هەندێك مارەییتان بۆ بگەڕیننەوە[7] بەڕاستی سەیرە ئافرەت وەك کاڵایەك سەیری دەکرا نەك وەك مرۆڤ هەروەك چۆن کەلوپەڵ و گاو وولاخ بەش دەکرا ئەویش ئاوا. بەڵام لەوە سەیرتر هەیە لەم ڕۆژەدا کە میللەتێك وەك کاڵا سەیر دەکرێ و وەك میراتێك جێ دەمێنێ بۆ نەوەکانی داهاتووی هەروەك لە زۆر وولاتانی جیهاندا هەیە، باوکەکە دەمرێ میللەتەکە بۆ کوڕەکەی جێ دەمێنێ ئەمیش ئیتر خۆی و خوای خۆی؟!

### ٣- کۆکردنەوە لە نێوان دوو خوشك:

یانی کەسی وا هەبوو دوو ژنی هێناوە هەردووکیان خوشك بووە، ئاینی ئیسلام ئەمەشی ڕەد کردەوەو نابێت دوو خوشك لە یەك کاتدا بهێنرێت وەك خوای گەورە دەفەرمووێ { حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاَتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ

٥ بڕوانە تەفسیری ئاسان بۆ تێگەشتنی قورئان بورهان محمد امین
٦ سورەتی النساء ئایەتی ١٩
٧ بڕوانە تەفسیری ئاسان بۆ تێگەشتنی قورئان بورهان محمد امین

وَحَلاَئِـلُ أَبْنَائِكُـمُ الَّذِيـنَ مِـنْ أَصْلاَبِكُـمْ وَأَن تَجْمَعُـواْ بَـيْنَ الأُخْتَـيْنِ إَلاَّ مَـا قَـدْ سَلَفَ إِنَّ اللّـَهَ كَانَ غَفُـورًا رَّحِيـمًا }[8]
(ئـەو جـۆرە کەسـانە) حـەرام کـراوە (مـارە بکرێـن): دایکتـان، کچەکانتـان، خوشـکەکانتان، پورەکانتـان، (خوشـکی بـاوك)، پورەکانتـان (خوشـکی دایـك)، برازاتـان، خوشـکەزاتان، ئـەو دایکانـەی کـە شـیریان داونەتـێ، خوشـکە شـیریەکانتان، دایکـی هاوسـەرتان (خەسـوو)، ئـەو کچانـەی لـە پیاوێکـی تـرن و لای ئێـوە دەژیـن و پـەروەردە دەبـن و لـەو ژنانەتانـن کـە چونەتـە لایـان (واتـە زڕ کچەکانتـان)، خـۆ ئەگـەر نەچووبنـە لای دایکـی ئـەو جـۆرە کچانـە ئـەوە دروسـتە مارەیـان بکـەن، (هەروەهـا حەرامـە) هاوسـەری ئـەو کوڕانەتـان مـارە بکـەن کـە لـە پشـتی خۆتانـن (واتـە بوکەکانتـان)، (هەروەهـا حەرامـە) دوو خوشـکیش پێکـەوە بکەنـە هاوسـەری خۆتـان، چاوپۆشـی لـەوەی کـە لـە ڕابـردوودا لـەو بابەتانـە ڕووی داوە دەکرێـت، بەڕاسـتی خـوا هەمیشـە و بـەردەوام لێخۆشـبوو میهرەبانـە[9].

## ٤- ڕێژەی دیار نەکراو بۆ ژن هێنان:

کەسـی وا هەبـوو ١٠ ژنـی هەبـوو، هەبـووە زۆر زیاتـر وە شـەریعەتی ئیسـلام سـنورێکی بـۆ دانـا کـە تـا چـوار ڕێگـە پێـدراوە وەك خـوای گـەورە دەفەرمـووێ{ فَانكِحُـواْ مَـا طَـابَ لَكُـم مِّـنَ النِّسَـاء مَثْنَـى وَثُـلاَثَ وَرُبَـاعَ فَـإِنْ خِفْتُـمْ أَلاَّ تَعْدِلُـواْ فَوَاحِـدَةً }[10] ئەویـش بـە مەرجـێ کەسـەکە متمانـەی بـە خـۆی هەبێـت کـە دادگـەر بێـت لـە نێوانیانـدا، خـۆ ئەگـەر دادگـەر نەبـوو بێگومـان توشـی سـزا دەبێـت، هەتـا هـەر یەکـەم ژنیـش ئایـا هەمـوو ئـەو

٨ سورەتی النساء ئایەتی ٢٣
٩ بڕوانە تەفسیری ئاسان بۆ تێگەشتنی قورئان بورهان محمد امین
١٠ سورەتی النساء ئەیەتی ٣

کەسانەی کە یەك ژنیان هەیە دادگەرن لەگەڵیدا ؟ لەسەر فرەژنی نارۆم لێرەدا چونکە باسێکە زۆر هەڵدەگرێت دەکرێت بکرێتە بابەتێکی سەربەخۆ.

**٥- مارەی بردن لە نەفامیدا:**

ئەگەر کەسێك کچەکەی بدایە بەشوو مارەیەکەی دەبرد، هەرچەند بەداخەوە ئەمە تا ئێستاش ماوە، زۆر کەس بیستومە وتوویەتی کچەکەم بە پسکیت و نوقڵ گەورە کردووە چۆن پارەی لێ ناستێنم ! بۆ کوڕی ئەو خەڵکە بە با گەورە بووە ؟ دەبێت مارەی ئەو بڕە پارەیە زێرە هەرچیە بدرێت بە کچەکەو ئەوە مافی ئەوە نەك کەسوکاری[11] خوای گەورە دەفەرمووێ {وَآتُواْ النَّسَاء صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا }[12]

مارەیی ئافرەتان بدەن بەو پەڕی دڵفراوانی و ئاسودەیی یەوە، خۆ ئەگەر بە ئارەزوو ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێك مارەیی و بەخشییان بە ئێوە، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن و بەکاری بێنن، وە بەبێ دوودڵی نۆشی بکەن[13]. ئەو بڕە ماڵە مافی ئافرەتەکەیە، ئیتر کەم یان زۆر دیاری نەکراوە لە شەرعدا، ئەوە دەکەوێتە سەر ڕێکەوتنیان بەڵام بێگومان تا کەم بێت باشترە، دواتریش هەرخۆی سەرپشکە لەوەی کە چی لێ دەکات نەك بەزۆر لێی بسەنرێت! وەیان هەر حسابی بۆ نەکرێت کەچی بەسەر دێنن لەکاتێکدا ئەم مافە ئیسلام بە تەواوەتی داویەتی بە ئافرەت. هەروەها ئافرەت بە زۆری یان کەمی ماڵ سوك نابێت

١١ المدخل لدراسة الشريعة الاسلامية دكتۆر عبدالكريم زيدان لاپەڕە ٢٤-٢٦
١٢ سورەتی النساء ئایەتی ٤
١٣ بڕوانە تەفسیری ئاسان بۆ تێگەشتنی قورئان بورهان محمد امین

هـەروەك هەندێـك كـەس دەڵێـن؟! ئـەوەی سـەرەوە تەنهـا حـەزم کـرد وەك پێشـەکیەك بێـت بـۆ چوونـە نـاو بابەتەکـەوە، ئـەو هەمـوو گۆڕانکاریانـەی هاتـووە بەسـەر ئـەم کارەدا لـە بەرژەوەنـدی ئافـرەت بـووە، هـەروەك لێـرەدا باسـەکە باسـی تـەڵاق و جیابوونەوەیـە لـە پێـش ئیسـلامدا ڕێـژەش نەبـوو بـۆ تـەڵاق کەسـی وا هەبـووە سـەد جـار ژنەکـەی تـەڵاق داوەو هێناویەتیـەوە بـە ئـارەزووی خـۆی تـۆپ تۆپێنـی پێکـردووە! یـان هـەروا وازی لێهێنـاوە بـە بـێ ئـەوەی تەڵاقـی بـدات وە ئەویـش نەیتوانیـوە شـوو بـکات ناچـار بـووە هـەروا دانیشـێت تـا مـردن، بـەڵام ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام سـنورێکی دانـا بـۆ هەمـوو ئـەم شـتانە وەك لـە خـوارەوە بـە ڕوونـی دەردەکەوێـت.

*تـەڵاق و جیابوونـەوە لـە شـەرعدا چارەسـەرێکی نێـوان ژن و پیـاوە بـە چەنـد ووشـەیەکی تایبـەت[١٤] ئەگـەر هاتـوو ژن و پیـاو دانولەیـان پێکـەوە نەدەکـولا وە هەمـوو ڕۆژ گرفـت و دەنگەدەنگیـان هەبـوو وە نەیـان توانـی لێـك تێبگـەن وبگەنـە خاڵـی هاوبـەش باشـتر وایـە لێـك جیـا ببنـەوە، ئەڵبـەت ئەمـەش کارێکـی ئاسـان نیـەو وە نابێـت پەلـەی تێـدا بکرێـت، دەبێـت کۆمەڵێـك ڕێگـە هەیـە بیانگرنـە بـەر وەك: جێگـە جیاکردنـەوە بـۆ ماوەیـەك، ئـاگادار کردنـی پیـاو چاکانـی هـەردوولا بـۆ گونجاندیـان پێکـەوە، بـەڵام ئەگـەر هەمـوو هەوڵـەکان سـەری نەگـرت بـاش نیـە ماڵەکەیـان بکەنـە دۆزەخێـك بـۆ خۆیـان و ئەزیەتدانـی ئەمـلاولاش لێـك جیـا ببنـەوە، جگـە لـەوەش کـە لـەم نێوانـەدا زۆر جـار منداڵانیـش مافیـان دەخـورێ، مـەرج نـی یـە ئـەو مـاف خورانـەش تەنهـا لایەنـی مـادی بێـت زۆر جـار دەروونیـە. نابێـت خەڵکیـش بـە شـێوەیەکی خـراپ بڕوانـنـە ئـەم ئافـرەت و پیـاوە، چونکـە مانـای وا نیـە کـە ئـەم دووکەسـە کـە نەیـان توانـی پێکـەوە بژیـن ئیـتر بەکەڵـك نایـەن

---

١٤ هەمان سەرچاوە ٢٦

و خراپـن، بەڵکـو نەیـان ویسـتووە درۆ لەگـەڵ خۆیانـدا بکـەن، گرنگـە کـە کەسـایەتی یەکتریـش بریـندار نەکـەن، هەیـە بـۆ نمونـە ئافرەتێـك دێنـێ و دوای گرفتێکـی وا دێتـە پێـش سـەرەنجامەکەی بـە تـەڵاق کۆتـای دێـت لـە دوایـدا تانـەو شـتی خـراپ بـۆ یەکـتر هەڵدەبەسـتن، چـۆن؟ ئـەو مرۆڤـە دەمـی دەیهێنـی خراپـەی ئـەو ئافرەتـە یـان پیـاوە بـاس بـکات کـە پێشـتر هاوسـەری بـووە! لـە کۆمەڵگـەی خۆشـماندا زۆر پێداگـری دەکـرێ لـەوەی کـە بۆچـی جیابوونەتـەوە مـادام کارەکـە تـەواو بـووە نەدەبـوو ئەوەنـدە پێداگـری بکرایـە، چونکـە سـودی نیـە، تەنهـا ئەوەندەیـە کابـرای پرسـیارکەر وەك حەزێکـی خـۆی دەیەوێـت هۆکارەکـە بزانێـت، ئەگینـا کارەکـە لـەوە تێپەڕیـوە چارەسـەربکرێ. زۆرجـار هـۆی دڵسـۆزی کەسـوکاری هـەردوولاش کێشـەکان ئاڵۆزتـر دەکـەن!

## جۆرەکانی تەڵاق

دووجـۆر تـەڵاق هەیـە تەڵاقێکیـان پێـی دوەتـرێ تەڵاقـی ڕاسـتەوخۆ ئاشـکرا، واتـە بـە خێزانەکـەی بڵـێ بـڕۆ تەڵاقـت کەوتبێـت، بـەم وتەیـە تەڵاقـی دەکەوێـت. جـۆری دووهـەم نائاشـکرا یانـی بـە ووشـەی تـەڵاق نەبـێ ئیـتر ئەمـە زۆر شـت دەگرێتـە خـۆ بـۆ نمونـە بڵـێ بـە خێزانـی بـڕۆرەوە بـۆ مـاڵ باوکـت، یـان لـە کۆڵـم بـەرەوە لـەم جـۆرە قسـانە بـەڵام ئەگـەر نیەتـی لەگەڵـدا بێـت یانـی مەبەسـتی تەڵاقـدان بێـت بـەم قسـانە ئینجـا تەڵاقەکـەی دەکەوێـت، چونکـە ئەگـەر مەبەسـتی ئـەوە نەبێـت بێگومـان ئـەو قسـانە هیچـی تیـا نیـە، بـۆ نمونـە بڵـێ بـڕۆرەوە بـۆ مـاڵ باوکـت، یـان لـە کۆڵـم بـەرەوە بیـەوێ بـۆ نمونـە ئیسراحەتێـك بـکات و مەبەسـتی جێهێشـتنێکی کاتـی

بێــت، هــەروەك هەمــوو كــەس ئــەو بارودۆخــەی بەســەردا دێــت هەندێــك جــار حــەز بــە تەنهــای بــكات بــۆ زیاتــر پشــوو[15].

*هــەروەك چــۆن دووجــۆر تــەڵاق هەیــە، تەڵاقــی ئاشــكرا بــە ووشــەی تــەڵاق و وە تــەڵاق بــە ووشــەی جگــە تــەڵاق، هەروەهــا دووجۆریــش تەڵاقیــش هەیــە كــە یەكێكیــان تــاوان نــی یــە ئەگــەر لــەو كاتــەدا تەڵاقــی بدەیــت، ئەویــش ئەوكاتەیــە ئافرەتەكــە لــە ســوڕی مانگانــەدا نیــە، واتــە پاكــەو وە هێشــتا كاری جــووت بوونیــش نەكــراوە، دووهەمیــان تاوانــە ئەگــەر بێــت و لــەو كاتــەدا پیاوەكــە ژنەكــەی خــۆی تــەڵاق بــدات، تاوانبــار دەبێــت، ئەویــش ئەوكاتەیــە كــە ئافرەتەكــە لــە ســوڕی مانگانەدایــە (الحیــض)، وەیــان پاكــەو لــە ســوڕی مانگانــەدا نیــە بــەڵام پێكــەوە جــووت بــوون. ئــەوەش بزانــن كــە چــوار جــۆر ئافــرەت هــەن كــە ئەمانــە نایــان گرێتــەوە، ئەویــش چــوار تاقمــن، یەكەمیــان: ئافرەتێكــی منــداڵ كــە هێشــتا نەگەشــتۆتە حــەدی ســوڕی مانگانــە، دووهەمیــان: یەكێكــە كــە زۆر گەورەیــەو لــەوەدا نەمــاوە ســوڕی مانگانــەی بەســەردا بێــت یانــی پیــر بــووە، سێهەمیان: ئافرەتــی دووگیانــە حامــل، چوارهــەم: ئــەو ئافرەتەیــە كــە خولعــی[16] لەگــەڵ كــراوەو وە كاری جــووت بونیشــیان نەكــردووە[17]. لێــرەدا پرســیارێك دروســت دەبێــت ئایــا چــۆن كەســێك خێزانــی تــەڵاق بــدات تاوانــی دەگات یــان تاوانــی نــاگات، لێــرەدا مەبەســت لــەوە نیــە ئەگــەر هەركەســێك ویســتی خێزانەكــەی تــەڵاق بــدات بڵــێ دەی ئێســتە كاتــی خۆیەتــی و تەڵاقــی بــدات، لێــرەدا مەبەســت ئەوەیــە ئەگــەر ئیــتر كار گەشــتە ئــەوەی كــە چــار نەمــا، وە هەلــی پێكــەو ژیــان نەمــا لــەو كاتــەدا تەڵاقــی بــدات كــە ئافرەتەكــە لــە پاكیدایــە وە هێشــتا جیماعیــان

١٥ بڕوانە كفایة الاخیار لاپەڕە٤٤٤-٤٤٧

١٦ خلع واتە ئافرەتەكە داوای تەڵاقی كردووەو ئیتر پیاوەكەش تەڵاقی داوە

١٧ بڕوانە كفایة الاخیار لاپەڕە٤٤٧-٤٤٩

نەکـردووە، ئەمــەش لەبــەر ئەوەیــە نــەوەك ئافرەتەکــە حامــل بێــت و دوای پەشــیمانی بکێشــێت و داخــی بــۆ بخــوات کــە نەیزانــی ئافرەتەکــە حامــل دەبــێ. بەتەڵاقدانــی لــە کاتــی ســوڕی مانگانــەدا تاوانــی دەگات ئیــتر مەســەلەی تەڵاقدانەکــەی شــتێکی تــرە، ئایــا لەبەرچــی تەڵاقــی داوە یــان دەیــدات. بێگومــان خــوای گــەورە بچوکتریــن شــت دەخوێنێتــەوە.
*تەڵاقـدان پێـش ژن هێنـان ناکەوێـت وەك یەکێـك هێشـتا ژنـی نەهێنـاوەو بڵــێ تەڵاقــم کەوتبێــت یــان بڵــێ تەڵاقــی داهاتــووم کەوتبێــت کاتێــك ژنــم هێنــا، بــەڵام کارێکــی خراپــەو نابێــت بکرێــت وە هەروەهــا دەم ڕاهاتنــی کەســەکە لەســەر تەڵاقیــش کارەکــە لای ســادە دەکاتــەوە. هەروەهــا چــوار کۆمەڵــی تــر هــەن تەڵاقیــان ناکەوێــت منــداڵ، شــێت، خەوتــوو، زۆرلێکــراو[18]، پێغەمبــەر درودی خــوای لــێ بێــت دەفەرمــووێ {عــن النبــي صــلى اللــه عليــه وســلم قــال رفــع القلــم عــن ثــلاث عــن النائــم حتــى يســتيقظ وعــن الصغــير حتــى يكــبر وعــن المجنــون حتــى يعقــل أو يفيــق}[19] واتــە منــداڵ و خەوتــوو شــێت قەڵەمــی تاوانیــان لەســەر لابــراوە. هــۆی تــەڵاق نەکەوتنــی ئــەم کۆمەڵانــە ئەوەیــە بــە ویســتی خۆیــان نەبــووە بــۆ نمونــە وەك زۆر لێکــراو. وەیــان نازانــی تــەڵاق چیــە وەك منــداڵ و شــێت.

١٨ هەمان سەرچاوە لاپەڕە٤٦٣
١٩ ابی داود ڕیوایەتی کردووە

## گەڕاندنەوەی ئافرەتی تەڵاق دراو

پیـاو خاوەنـی سـێ تەڵاقـە، بـێ سـنور نییـە وەك سـەردەمی نەفامـی، بەڵکـو سـنورداره، جـا کـەوا بـوو هـەر لەسـەرەتاوە دەبێـت زۆر ئـاگادار بیـت کـە هـەوڵ نەدەیـت بـە هیـچ شـێوەیەك تـەڵاق بخـۆی، بـۆ ئـەوەی نەکەویتـە کێشـەوە. بەڕاسـتی نەنگیـە بـۆ پیـاو تـەڵاق بکاتـە چەکـی خـۆی و هـەردەم بـە کاری بێنـێ وەك لـە زۆر شـوێن بـاوە! وەیـان هەندێـك خێزانەکانیـان پـێ دەترسـێنن!. ئامۆژگاریـم بـۆ هەمـوو خوێنەرانـی بەڕێـز ئەگـەر کـوڕەو هێشـتا ژنـی نەهێنـاوە هـەر لـە ئێسـتەوە متمانەیەکـی بەهێـز لـە دڵـی خۆیـدا دروسـت بـکات کـە هەرگیـز ئـەم ووشـەیەی بـە دەمـدا نەیەت،کاتێـك ژنـی هێنـا، ئەگـەر پیـاوەو خاوەنـی ژنـە ئەگـەر پێشـتر تەڵاقـی بەکارهێنـاوە جارێکـی تـر نەگەڕێنـەوە سـەری و لـە خـوا بترسـن، ئەگـەر کچـەو هێشـتا شـوی نەکـردووە ئـەم ووتانـەی لـە بیـر بێـت و ئامـۆژگاری هاوسـەرەکەی پـێ بـکات لـە داهاتـوودا وە خـوای گـەورە هاوسـەری ئیمانـدارو لـە خـوا ترسـتان بـە نسـیب بـکات، خێزانـی ئیمانـدارو چـاك بـە نسـیبی کوڕەکانیـش بـکات، ئەگـەر ژنـەو خاوەنـی مێـردە هەروەهـا ئامـۆژگاری مێردەکـەی پـێ بـکات و هەرگیـز هـەوڵ نـەدات مێردەکـەی تـوڕە بـکات چونکـە تـەڵاق دان زۆر کات لـە توڕەییـەوە دروسـت دەبـێ، لێـرەدا بەسـەرهاتێکم بیـر کەوتـەوە (لای دکتۆرێکـی ئوردونـی ئـەو ئایەتانەمـان دەخوێنـد کـە حوکمـی تێدایـە وە هاتینـە سـەر تـەڵاق، یەکێـك لـە قوتابیـەکان پرسـیاری کـرد ووتـی: دکتـۆر بـۆ؟ ئـەو کەسانەی تـەڵاق دەخـۆن تـوڕە دەبـن ،ئەویـش ووتـی: ئـەی تەبعـەن خـۆ گونجـاو نیـە پیـاو قاچـی لەسـەر قاچـی دانابێـت و قـاوە بخـوات و بڵـێ بـە خێزانـی بـڕۆ تەڵاقـت کەوتبێـت). هەروەهـا دەبێـت ئێمـەش بـە گوێـرەی

**توانامـان خەڵكــی هۆشــیار بكەیـن.**

***پیـاو وەك ووتمـان خاوەنـی سـێ تەڵاقـە، ئەگـەر تەڵاقـێ وە یـان دوو تەڵاقـی كـەوت دەتوانێـت خێزانەكـەی بهێنێتــەوەو وەك جـاران هەڵسـوكەوتی لەگەڵـدا بـكات. بـەڵام ئەگـەر سـێ تەڵاقـی كـەوت ناتوانێـت خێزانەكـەی بهێنێتــەوە هەتـا پێنــج مـەرج نەیەنـە دی. ئەویـش تـەواو بوونـی عیـدەی شـەرعیە لێـی واتـە سـێ سوڕی مانگانـە ببینێـت و پـاك ببێتـەوە، لـە پاشـان شـوبكاتە كەسـێكی تـرو وە كاری جـووت بـوون لەگەڵیـدا ڕووبـدات، پاشـان ئەویـش تەڵاقـی بـدات، عیـدەی لەویـش تـەواو ببێـت، دوای ئـەوە ئەگـەر پیـاوی یەكـەم ئـارەزووی كـردەوە دەتوانێـت بیهێنێتـەوە. لێـرەدا حـەز دەكـەم زیاتـر ڕوونكردنـەوە بـدەم ئەمەیـە كـە لـە نـاو كـوردەواری ئێمـەدا بەناوبانگـە بـە (مـارە بەجـاش) بـەڵام نـەك ئـەوەی كـە خەڵكانێـك دەیـان كـرد وەیـان هەیـە ئێسـتەش دەیـكات، بـەڵام ئـەوەی خەڵـك دەیـكات بەڕاسـتی هیـچ مەرجێكـی شـەرعی تیـادا نیـە، لەبـەر ئـەوە پیاوەكـە هـەر سـێ تەڵاقەكـەی كەوتـووە دێـن كابرایـەك بـە پـارە یـان كەسێك پەیـدا دەكـەن بـۆ یـەك شـەو! ئـەم ئافرەتـە دامـاوەی لـێ مـارە دەكـەن و بەیانـی زوو هەركـە ڕۆژ بـووەوە پێـی تـەڵاق دەدەنـەوەو هـەم جارێكـی تـر مـارەی دەكەنـەوە لـە پیـاوی یەكـەم، بەڕاسـتی ئەمـە گەمـە منداڵانەیـە وە خـۆ خەڵەتاندنـە. ئـەو پیـاوەی كـە سـێ تەڵاقەكـەی كەوتبێـت لـە ڕاسـتیدا نابێـت بـە تەمـای ئـەو ئافرەتـە بێتـەوە، بـەڵام كـە هەمـوو ئـەو مەرجانـە هاتنـە دێ وە دوای ئـەوە بـە دڵیـدا هاتــەوە دەتوانێـت وە ئـەم جـارە وەك وایـە ژنێكـی تـری هێنابێـت، جگـە لـەوەش كـە دەبێـت بـۆ هەریەكەیـان سـێ سوڕی مانگانـە ببینێـت، بـەڵام ئـەوەی كـە مـارەی بـە جاشـی پـێ دەكرێـت هـەر گەمـە منداڵانـە باشـترین وەسـفە بـۆی. خـوای گـەورە دەفەرمـووێ {فـان طلقهـا فـلا تحـل لـە حتـی**

تنکح زوجا غیره} حەڵاڵ نابێت تا شوو بە کەسێکی تر نەکات ئەگەر تەڵاقی کەوتبوو، مەبەست سی تەڵاقەکەیە. نەك یەك تەڵاق یان دوو. ئەم فەرمووده زیاتر بۆمان ڕون دەکاتەوە {وعن عائشه رضي الله عنها قالت: طلق رجل امرأته ثلاثا، فتزوجها رجل، ثم طلقها قبل آن یدخل بها، فاراد زوجها الاول ان یتزوجها، فسأل النبی صلی الله علیه وسلم عن ذلك؟ فقال: لا. حتی یزوق الاخر من عسیلتها}[٢٠] واته پیاوێك سێ بە سێ ژنەکەی تەڵاقدا، پیاوێکی تر مارەی کرد، لە پاشان ئەویش تەڵاقی دا پێش ئەوەی جیماعی لەگەڵ بکات، پیاوی یەکەم ویستی بیهێنێتەوە، پرسیاری لە پێغەمبەر کرد درودی خوای لێ بێت لەسەر ئەو مەسەلە، ئەویش درودی خوای لێ بێت فەرمووی: نەخێر تاوەکو تامی هەنگوینی یەکتری دەکەن، مەبەست تا جیماع دەکەن لەگەڵ یەکدا. هۆی تەواو بوونی عیدەی شەرعیش ئەوەیە بۆ ئەوەی دەربکەوێت ئایا ئەو ئافرەتە دووگیانە یان نە، ئەگەر دووگیان بوو بۆ نمونە منداڵەکە بزانرێت هینی کێ یە. چونکە ئەگەر ڕاستەوخۆ لە یەکێکی تر مارە بکرێ دەکری ئافرەتەکە دووگیان بوو بێت لە پیاوی یەکەم وە پیاوی دووهەم بە منداڵی خۆی بزانێت. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوەی کە ئیسلام لە پێناویدا هاتووە، پاراستنی وەچەیە (حفظ النسل) وەك لە کتێبە مەدخەلی و مەقاصیدیەکاندا هەیە. لەبەر ئەمەشە کە زیناو بەدڕەوشی ڕێگە پێنەدراوە لە شەرعدا چونکە وەچەکان تێکەڵ دەبێ، هەروەها هۆکاری تر، کە ئێرە جێگەی ئەو باسە نیە.

بەڵام ئەو پیاوانەی کە تەنها یەك یان دوو تەڵاقیان کەوتووە، بەم شێوەیە دەبێت ئەگەر ئافرەتەکە هێشتا عیدەی بەسەر نەچووە

---

٢٠ شەیخان ڕیوایەتیان کردووە (واتە موسلم و بوخاری)

کەمــتره لــە ســێ ســوڕی مانگانــە ئــەو ماوەیــەی کــە لێــك جیــا بوونەتــەوە دەتوانێــت ئافرەتەکــە بهێنێتــەوە بــە بــێ هیــچ شــتێك و وە لــە تەڵاقەکــەی کــەم دەکات لــە فەرموودەیەکــدا بــەم شــێوە هاتــووە: {عــن ابــن عمــر رضي اللـه عنهما:اما أنـت طلقتتهـا واحـدة، آو اثنتيـن، فـان رسـول اللـه صلـى اللـه عليـه وسـلم آمـرني ان راجعهـا}[٢١] ئـەوەی لـەم فەرمـوودەدا دەردەکەوێـت کـە لـە سـەردەمی پێغەمبـەردا ئـەم کارانـە ڕوویـداوەو، وە خـۆی درودی خـوای لـێ بێـت فەرمانـی بـە گەڕانـەوەی کـردووە مـادام هێشـتا یـەك یـان دوو تەڵاقـی کەوتبێــت ،بــۆ نمونــە تەڵاقێکــی کەوتــووە دوانــی دەمێنێــت، بــەڵام ئەگــەر عیــدەی بەســەر چــوو بــوو ئــەوا هــەر بــە تــەواو بوونــی عیدەکــەی ناتوانێــت هــەروا بیهێنێتــەوە دەبێــت ســەر لــە نــوێ مــارەی ببڕێتــەوە ئەوکاتــەش هــەر لــە تەڵاقەکانــی کــەم دەکات، دەبێــت ئیــتر ئــاگادار بێــت لەوەکانــی تــر. وە لێــرەدا کــە ئیســلام تەڵاقــی ســنوردا کــرد چەندەهــا ســودی تێــدا بــەدەر دەکەوێــت وەك:

١-پاراســتنی بەرژەوەندیەکانــی ئافــرەت تــا پیــاو گاڵتەیــان پــێ نەکــەن و هــەر تەڵاقیــان بــدەن و دواتــر بیــان هێننــەوە.

٢-لــە ســنوردار کردنەکەشــدا ڕەچــاوی بــاری دەروونــی کەســەکان کــراوە، چونکــە مرۆڤــەکان قابیلــی هەڵــەن جــا شــەرعیش مەجالێکــی تێــدا هێشــتۆتەوە بــۆ ئــەوەی ئەگــەر کەســێك جارێــك کەوتــە هەڵــەوە دواتــر بیــر بکاتــەوەو دووبــارەی نەکاتــەوە وە گــەر جارێکــی تریــش هــەر دووبــارەی کــردەوە ئیــتر دەبێــت بزانێــت بــە بەریــەوە نەمــاوە گــەر هاتــوو ئەمجــارە تەڵاقــی خــوارد دەبێــت ئامــادەی ئــەوەی تێــدا بیــت دەســتبەرداری خێزانەکــەی ببێــت.

*ئەگــەر یەکــێ ســوێندی خــوار بــە تــەڵاق کــە ئیــتر کاری جیــماع لەگــەڵ

٢١ ئیمامی موسلم ڕیوایەتی کردووە

خێزانەکـەی نـەکات بـۆ کاتێکـی دیـاری نەکـراو یـان زیاتـر بێـت لـە چـوار مانـگ، ئەگـەر ئافرەتەکـە داوایکـرد ئەوکاتـە پیاوەکـە چەنـد هەڵبژاردنێکـی دەکەوێتـە بەردەسـت یـان دەبێـت کاتەکـەی بشـکێنی و کەفارەتەکـەی بـدات، وەیـان دەبێـت ئافرەتەکـە تـەڵاق بـدات، خـۆ ئەگـەر هـەر نکۆڵـی کـردو ملـی نـەدا بـۆ ئـەوەی تەڵاقـی بـدات ئـەو کاتـە قـازی دەتوانێـت بـەزۆرو بـێ ڕەزامەنـدی پیاوەکـە تەڵاقـی بـدات و لێکیـان جیـا بکاتـەوە، چونکـە گونجـاو نیـە مانـەوە بـەو شـێوە، سـتەمی تیایـە بـۆ ئافرەتەکـە. لێـرەدا پرسـیارێك دروسـت دەبێـت ئەویـش ئەوەیـە یانـی چـی؟ ئەگـەر ئافرەتەکـە داوا بـکات، وەڵامـی ئـەو پرسـیارە ئاشـکرایە چونکـە ئەگـەر ئافرەتەکـە قسـە نـەکات خـۆ کـەس نازانـێ دەبێـت ئافـرەت داکۆکـی بـکات لـە مافـی خـۆی ئەگـەر سـتەمی لێکـرا.

* ئەگـەر هاتـوو پیـاو ووتـی بـە خێزانـی تـۆ وەك پشـتی دایکـم وایـت، بـۆ نمونـە بڵـی تـۆ وەك دایـك یـان نەنکـم وایـت وە ئەگـەر لـەو کاتـەدا وشـەی تـەڵای بەدەمـدا نەهـات ئـەوە ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئافرەتەکـەی دەوێـت، کەفارەتـی دەکەوێتـە سـەر، لەسـەر ئـەم ووتانـەی، کەفارەتەکەشـی بـەم شـێوەیە: دەبێـت بەندەیەکـی مسـوڵمانی سـاغ ئـازاد بـکات خـۆ ئەگـەر نەبـوو وەك لـەم زەمانـەی ئێمـەدا کـە نیـە، دەبێـت دوو مانـگ لەسـەر یـەك، بـە بـێ ئـەوەی بەینـی تێبخـات واتـە لەسـەریەك بـەڕۆژوو بێـت، خـۆ ئەگـەر ئەمەشـی نەتوانـی دەبێـت خـواردی شەسـت هـەژار بـدات بـۆ هەرکەسـێك خواردنێکـی وا کـە بـاوە لەوکاتـەدا، بـۆ نمونـە برنـج و شـلەیەك بـۆ ئەوانـەی لـە کوردسـتانن، وە بـۆ ئەوانـەی لـە لـە ئەوروپـان ئەگـەر چێشـتخانەی کـوردی هەبـوو باشـە وەگـەر نەبـوو بـۆ نمونـە خواردنێکـی ماکدۆنـاڵ یـان کـەی ئێـف سـی، دەبێـت ئـەوەش بزانیـت کـە نابێـت ئـەو کەسـەی کـە زیهـاری کـردووە

واتـه بـه ژنه‌كـه‌ی ووتـووه تـۆ وه‌ك دایـك یـان خوشـكم  وایـت نابێـت كاری جیـماع بكـه‌ن تـا كه‌فاره‌ته‌كـه‌ی ده‌دات نـه‌ك بڵــێ ده‌ی قه‌یچێـكا دوای ده‌یـده‌م، خـوای گـه‌وره له‌سـه‌ر زیهـار ده‌فه‌رمـووێ:

{ وَالَّذِيـنَ يُظَاهِـرُونَ مِـنْ نِسَـائِهِمْ ثُـمَّ يَعُـودُونَ لِـمَا قَالُـوا فَتَحْرِيـرُ رَقَبَـةٍ مِـنْ قَبْـلِ أَنْ يَتَمَاسَّـا ذَلِكُـمْ تُوعَظُـونَ بِـهِ وَاللَّـهُ بِمَـا تَعْمَلُـونَ خَبِيـرٌ فَمَـنْ لَـمْ يَجِـدْ فَصِيَـامُ شَـهْرَيْنِ مُتَتَابِعَـيْنِ مِـنْ قَبْـلِ أَنْ يَتَمَاسَّـا فَمَـنْ لَـمْ يَسْـتَطِعْ فَإِطْعَـامُ سِـتِّينَ مِسْـكِينًا ذَلِـكَ لِتُؤْمِنُـوا بِاللَّـهِ وَرَسُـولِهِ وَتِلْـكَ حُـدُودُ اللَّـهِ وَلِلْكَافِرِيـنَ عَـذَابٌ أَلِيـمٌ }[22]مانـای ئـه‌م ئایه‌تـه هـه‌ر ئه‌وه‌یـه كـه ووتمـان. بـه‌ڵام ئه‌گـه‌ر ئافـره‌ت بـه پیاوه‌كـه‌ی بڵـێ: تـۆ وه‌ك باوكـم یـان بـرای منـی ئـه‌وه گوناهـی ده‌گات و هیـچ شـتێكی ناكه‌وێتـه سـه‌ر[23] ئه‌مـه‌ش به‌زه‌ییه‌كـی زیاتـره بـۆ ئافره‌تـان لـه لایـه‌ن خـوای گـه‌وره‌وه كـه سـزای بـۆ دانه‌نـاون.

*تۆمه‌تباركـردن و له‌عنه‌تكردنـی خێـزان، ئه‌گـه‌ر پیاوێـك بـه ژنه‌كـه‌ی بڵــێ تـۆ زینـات كـردووه‌و خیانه‌تـت لـه مـن كـردووه، بـه‌م وتانـه حـه‌د له‌سـه‌ر ئـه‌و پیـاوه جێبه‌جـی ده‌بـێ ئه‌گـه‌ر شـایه‌ت نه‌هێنـێ وه‌یـان له‌عنـه‌ت نـه‌كا، وه‌یـان ئافره‌ته‌كـه خـۆی دانـی پێـدا نه‌نا،خـۆ ئه‌گـه‌ر شـایه‌تی هه‌بێـت و هه‌موویـان بڵێـن ئـه‌و ئافره‌ته‌مـان بینیـوه كـه زینـای كـردووه وه بـه ئاشـكرا بینیومانـه، ئـه‌و كاتـه پیاوه‌كـه هیچـی له‌سـه‌رنامێنێ و وه حـه‌د ده‌كه‌وێتـه سـه‌ر ئافره‌ته‌كـه، چونكـه وته‌كانـی ڕاسـته‌و وه جێگیـر بـووه، ئه‌گـه‌ر چـوار شـایه‌تی نه‌بـوو ته‌نهـا خـۆی بـوو، ئه‌وكاتـه دادگـه‌ر ته‌نهـا بـه ووتـه‌ی پیاوه‌كـه ناتوانێـت حـه‌د لـه ئافره‌ته‌كـه بـدات، پیاوه‌كـه ده‌بێـت یـان له‌عنـه‌ت بـكات بـۆ ڕاسـتێتی قسـه‌كانی، یـان دادگـه‌ر بڕیـاری حـه‌دی له‌سـه‌ر ده‌دات، چونكـه نابێـت ئافره‌تیـك تاوانبـار بكرێـت بـه كارێكـی وا ناشریـن هـه‌ر لـه خـۆوه،

٢٢ سوته‌تی المجادلة ئایه‌تی ٣-٤

٢٣ بڕوانه ڕۆژ پرشنگدار،عبدالله عبدالعزیز هه‌رته‌لی لاپه‌ڕه ٢٥٢

کەسایەتی بریندار بکرێت لە کاتێکدا بێ تاوانە، ئەگەر لەعنەتی کرد ئەوجا هیچ لەسەر پیاوەکە نامێنێ، چۆنیەتی لەعنەت کردنەکە بەم شێوەیە: کە ئەو پیاوەی کە لەعنەتی لە خێزانەکەی کردووە لەلای قازی دا دەڵێ: أشهد بالله انني لمن الصادقين فيما رميت به زوجتي من الزنا،واتە شایەتی دەدەم، سوێند بەخوا من ڕاستگۆم و لەم ووتانەم بەرانبەر ژنەکەم کە زینای کردووە، ئەگەر ژنەکە منداڵی بوو بوو، یان دووگیان بوو، دەبێت ئەوەش بڵێ کە ئەو منداڵە، منداڵی من نیەو هینی زینایە، چوار جار ئەوە دەبێت دووبارە بکاتەوە، بۆ جاری پێنجەم دەڵی، دوای ترساندنی بە ئاگری دۆزەخ و ترسی سزای دوای، چونکە ئەگونجێ درۆ بکات و ئەوکاتە پەشیمان ببێتەوە، خۆ ئەگەر هەر سور بوو لەسەر بڕیاری خۆی و ویستی بەردەوام بێت دەڵێ: وعلي لعنة الله ان كنت من الكاذبين، واتە لەعنەتی خوام لێ بێت ئەگەر درۆ بکەم، ئەمەش لە ڕاستیا هەر دوپات کردنەوەی قسەکانی پێشووەو زیاتر جەخت کردنە. جا ئیتر بەم کارانەی پیاوەکە هیچی لەسەر نامێنێ، چەند شتیك جێگیر دەبێت دوا بەدوای ئەم کردەوانە. حەد لەسەر پیاوەکە لا دەچێ، حەد دەکەوێتە سەر ئافرەتەکە، مارەی ژنەکە هەڵدەوەشێتەوە، منداڵەکەش ئەگەر بیبێت نابێتە منداڵی پیاوەکە مادام وتبێتی منداڵی من نیە، دواتریش لەیەکتری حەرام دەبن بۆ هەتا هەتایە، یانی بەهیچ شێوەیەك بۆی دروست نابێت کە بیهێنێتەوە ئەگەر شوی تریش بکات و ئەویش تەڵاقی بدات، وەك پێشتر باسمانکرد. بۆ ئەوەی ئافرەتەکەش هیچ لە سەر خۆی نەهێڵێ هەمان کاری پیاوەکە دەکات، هیچی لەسەر نامێنێ[٢٤]. لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوەو دەڵێ باشە ئەم هەموو

---

٢٤ هەمان سەرچاوە٢٥٣-٢٥٤

گێـرەو کێشـە بۆچـی؟ پێـش هەمـوو شـتێك ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام ئاینێکـی واقعیـە ئەگـەر بـۆ نمونـە پیاوێـك کەسـێکی بینـی لەگـەڵ خێزانەکەیـدا چ بـکات؟ خـۆ ناکرێـت خـۆی لـێ کـەڕ بـکات هـەم لەملاشـەوە شـایەتی نیـە ناچـارە بـەم شـێوە کێشـەکەی ببڕێنێتـەوە تـا ڕزگاری ببێـت لـەو ئافرەتـە داوێـن پیسـەو، منـداڵ ئەگـەر دروسـت بـوو بێـت. بـەڵام لەملاشـەوە گومانـی ئـەوە دەکرێـت کـە ئـەم کابـرا درۆ بـکات! جـا ئەگـەر دانـی پێدانـا کـە درۆ دەکات ئـەوە دەبێـت دارکاری بکـرێ لەسـەر ئـەو وتـە ناشـیاوانەی کـە کردووەیەتـی بەرانبـەر خێزانـی. لێـرەدا دیسـان پرسـیارێکی تـر دروسـت دەبـێ باشـە ئەگـەر پیاوەکـەو ژنەکـەی هەردووکیـان لەعنەتیـان کـرد لـە یەکـتر؟ وەڵامـی ئـەوەش ئەوەیـە ئیـتر ئـەوان جیابوونەتـەوەو کێشـەکەیان بڕاوەتـەوە، بـەڵام خـۆ گونجـاو نیـە هەردووکیشـیان ڕاسـت بکـەن حەتمـەت یەکێکیـان درۆی کـردووە جـا لەبـەر ئەمەیـە، شـاهیدی ئـەو دووکەسـە وەرناگیـرێ چونکـە جێگـەی متمانـەی تـەواو نیـەن، نازانـن کامیـان ڕاسـتیان کـردووە، جـا ئەگـەر کەسـیك ئەمـەی زانـی خـۆی ناخاتـە ئـەو بـارو دۆخـەوە هـەم تاوانبـار بێـت لای خـواو وەهـەم بـێ متمانـە بێـت لای خەڵکـی. هـەروەك چـۆن دەکرێـت کەسـێکیان لەعنـەت بـکات و ئـەوی تـر دانـی پێـدا بنـێ، ئـەو هەمـوو گێرمـەو کێشـە لـە ئیسـلامدا هەیـە لەبـەر ئـەوە کـەس جورئەتـی ئـەوە نـەکات تۆمـەت بـۆ کەسـێکی تـر دروسـت بکات،وەیـان کاری خراپـە بـکات. خـۆ ئەگـەر بیرێـك لـەم ڕۆژگاری خۆمانـە بکەینـەوە چەنـد لـەم کێشـانە ڕوو دەدات؟ چەنـد خەڵـك یەکـتری تاوانبـار دەکـەن بـەم کارانـە، وەیـان بـۆ ئافرەتانـی تـر مـەرج نیـە هـەر خێـزان چونکـە ئەگـەر هـەر ئافرەتیـك تۆمەتبـار بکەیـت بـە بەدڕەوشـتی دەبێـت یـان بیسـەلمێنی وەیـان دارکاری بکرێـت واتـە جەڵـدی لـێ بدرێـت، بـەڵام لـەم ڕۆژەدا کەسایەتی ئافـرەت کـوا

بـەو شـێوە ڕێـزی لـێ دەگیـرێ، هـەر لـە ڕۆژنامـەو جەریدەکانـدا بـە ئاشـکرا دەڵێـن فـڵان ئافـرەت خێزانـی فـڵان کـەس لەکـەڵ فـلان کەسایە، هەزارەهـا شـتێ وا، لەنـاو خەڵکیـدا، ئافرەتـی وا هەیـە تۆمەتـی زینـای دراوەتـە پـاڵ وە ئـەو ئافرەتـە بووەتـە سـەگ لەبەرچـاوی خەڵـك لەکاتێکـدا هیچیشـی نەکـردووە، گرتـەی ڤیدیـۆی دروسـت دەکرێـت و بـڵاو دەکرێتـەوە ئافرەتـی داماویـش ئـاگای لـە هیـچ نـی یـە!، بـە هەزارەهـا کـەس گرفتیـان بـۆ دروسـت بـووەو وە هەتـا کوشـتاریش هـەر بەهـۆی ئـەم گرفتانـەوە، کـوا چ یاسـایەك هەیـە بـۆ بنبڕکردنـی ئـەم شـتانە؟ چەندەهـا کـەس هەیـە لـە خێزانـی جیـا بووەتـەوە بەهـۆی گومانـەوە. زۆر بەداخـەوە لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا ئـەم گرفتانـە زۆرە، هـەر ئەوەنـدە یەکێـك باسـی یەکێکـی کـرد ئیـتر لـە ئاگـر خێراتـر بـڵاو دەبێتـەوە! خۆزگـە دەمـی خۆمـان دەگـرت و نەدەبووینـە مایـەی ئـازاری بەرانبەریـی یەکـتری و بـەردەوام هەوڵـمان بـۆ چارەسـەرکردن بوایـە نـەك بـۆ ئـاژاوەو شـکاندنی بێتاوانـان.

## ڕنینەوەی تەڵاق لەخۆ (الخلع)

ئاشکرایه کە تـەڵاق بەدەسـت پیـاوەو  توانایـەی هەیـە بەسـەر ژنەکەیـدا کـە تەڵاقـی بـدات و لێـك جیـا ببنـەوە لـە حالەتـی نەگونجانـدا، پیـاو ئـەو مافـەی هەیـەو سـەر پشـکە لـە تەڵاقدانـی خیزانەکـەی. لێـرەدا پرسـیارێك دروسـت دەبێـت و دەڵـێ ئـەی باشـە پیـاو ئـەو مافـەی هەیـە ئـەی ژنەکـە؟ وەڵامەکـەی سـەردێڕی ئـەم بەشـەیە ڕنینـەوەی تـەڵاق لەخـۆ واتـە خلـع کـردن، ئەگـەر ئافـرەت ویسـتی لـە پیاوەکـە جیـا ببێتـەوە ئـەو مافـەی هەیـە هـەروەك چـۆن پیاوەکـە مافـی تـەڵاق دانـی هەیـە، ئاینـی پیـرۆزی ئیسـلام مافـی بـۆ ژن دانـاوە هـەروەك چـۆن بـۆ پیـاوی دانـاوە. ڕنینـەوەی تـەڵاق لـە لایـەن ئافرەتـەوە مافێکـی خۆیانـە هـەروەك چـۆن تـەڵاق مافـی پیاوەکەیـە، لێـرەدا نـە پیـاو وە نـە ئافـرەت نابێـت وەك هەلێـك سـەیری ئەمـە بکـەن و لـە بچوکتریـن گرفتـدا پەنـای بـۆ بـەرن، بەڵکـو وەك ئاماژەشـمان پێکـرد مەسـەلەی جیـا بوونـەوە چارەسـەرێکە دەکەوێتـە دوای هەمـوو هەوڵەکانـەوە گـەر هیـچ چارەسـەر نەبـوو ئـەو کاتـە وەك چارەیـەك پەنـا بـۆ تـەڵاق وەیـان ڕنینـەوەی تـەڵاق دەبرێـت، ئەمـەش وەك چارەسـەرێك نـەك وەك تۆڵـە!! کـە بەداخـەوە هەندێـك کـەس وەك تۆڵـە تـەڵاق و خلـع بەکاردێنـن لەیەکـتری وەیـان لـە بنەماڵـەی یەکـتری!.

لێـرەدا ڕوونکردنەوەیـەك پێویسـتە لەسـەر تـەڵاق و خلـع ئەگـەر پیاوێـك خێزانـی تـەڵاق بـدات دەبێـت دەسـت لـە ئـەو مەسرەفـەی کـە کردووەیەتـی هەڵبگرێـت و شـەرعەن نایکەوێتـەوە نابێـت خێزانەکـەی تـەڵاق بـدات و وە هەرچـی مەسرەفیشـی بـۆ کـردووە لێـی وەربگرێتـەوە، بـەڵام خـۆ ئەگـەر خۆیـان ڕێکەوتـن مانـای وا نیـە ناشـەرعی بێـت، ئـەوە بـۆ کەسـێك کـە ئیـتر

بەتـەواوی جیـا ببنـەوەو نەیگەڕێنێتـەوە واتـە سـێ تەڵاقەکـەی دابێـت. ئەگـەر تەڵاقێـك یـان دوانـی دابێـت دەتوانێـت بیگەڕێنێتـەوە بـۆ ژێـر مـارەی خـۆی وەك لەسـەرەوە باسـمان کـرد. ڕنینـەوەی تـەڵاق ئەگـەر کارەکەیـان کۆتایـی پێهـات ناتوانـن بگەڕێنـەوە بـۆ لای یەکـتری ئەگـەر پەشـیمان ببنـەوە تـا جارێکـی تـر گرێبەسـتێکی تـر دەکەنـەوە چونکـە ڕنینـەوەی تـەڵاق لـە خـۆ گرێبەسـتەکە هـەڵ دەوەشـێنێتەوە. هەروەهـا ئـەو ئافرەتـەی کـە خلـع دەکات واتـە تەڵاقـی خـۆی لـە پیاوەکـە دەسـتێنێ، پیاوەکـە ئـەو مەسرەفـەی کـە کردوویەتـی دەیکەوێتـەوە، هـەروەك چـۆن ئەگـەر پیاوەکـە ژنەکـە تـەڵاق بـدات ژنەکـە مەسرەفەکـەی دەکەوێتـەوە.
لێـرەدا پرسـیاریکی زۆر گرنـگ خـۆی قیـت دەکاتـەوەو دەڵـێ: باشـە ئەگـەر ئافرەتێـك گیـری خواردبـوو بەدەسـت مێردەکەیـەوەو دەیوسـت تەڵاقـی خـۆی لـێ بسـتێنێ بـەڵام پیاوەکـە ڕازی نەبـوو چـی بـکات نـە ئەمەیـە هەڵسـوکەوتی بـاش بێـت لەگەڵـی و وە نەئەوەیـە تەڵاقـی بـدات ئـەم ئافرەتـە چ بـکات. وەڵامەکـەی بەڕاسـتی لێـرەدا ئـەوەم بـە بیردێتـەوە کـە هەبونـی حوکمـی ئیسـلامی زۆر گرنگـە ئەگـەر حوکمـی ئیسـلامی هەبێـت لـەم حاڵەتـەدا حاکـم بـەزۆر پێـی تـەڵاق دەدا وە ئەگـەر هـەر نەیکـرد حاکـم خـۆی تەڵاقـی دەدات بەبـێ ڕەزامەنـدی پیاوەکـە. لـەم سەردەمەشـدا کـە حاکمـی ئیسـلامی نـی یـە خـۆ ئەگـەر پیاوەکـە دینـدار بێـت هەرگیـز گاڵتـە بـە کەسایەتی خێزانەکـەی نـاکات کـە کار گەشـتە ئـەوەی لێـك جیـا ببنـەوە نکۆڵـی نـاکات، بۆیـە گرنگـە کـە خوشـك و کەسـەکانمان بـە کەسـانێك بدەیـن کـە ئیمانـدار بـن وە لـە ئیسـلامدا دروەسـت نـی یـە ئافـرەت بدرێـت بـە نامسـوڵمان هەتـا خاوەنـی دینەکانـی تـر بـۆ ئـەوەی لـە داهاتـوودا گرفتیـان بـۆ دروسـت نەکـەن، هەمـوو لەبـەر ئافرەتـە. مەسـەلەی تـەڵاق و جیـا

بوونـەوە زۆر زیاتـر لـەم باسـە هەڵدەگرێـت بـەڵام ئومێـد دەکـەم وەڵامـی زۆرێکـی پرسـیارەکانتانی دابێتـەوە ئەگـەر هەرپرسـیارێکیش دروسـت بـوو، دەستەوسـان مەبـن و دوو دڵ مەبـن لـە پرسـیار کـردن، سـوپاس بـۆ خـوا ئەمـڕۆ کەسـانی شـارەزا هـەن لـە گشـت کۆمەڵگەیەکـداو جێگـەی متمانەبـن بـۆ گەڕانـەوەی کێشـەکان بۆلایـان، بـە ئومێـدی ژیانێکـی پـڕ بەختـەوەر لـە ژێـر سـایەتی قورئانـدا.

ونسأل الله لنا ولهم الثبات على الحق حتى الممات

# پێڕست

دەروازەو تێگەشتن------------------------------------------------------٣
١- نكاح الشغار------------------------------------------------------------٥
٢- نكاح المقت------------------------------------------------------------٥
٣- كۆكردنەوە لە نێوان دوو خوشك--------------------------------------------٦
٤- ڕێژەی دیار نەكراو بۆ ژن هێنان--------------------------------------------٧
٥- مارەی بردن لە نەفامیدا----------------------------------------------------٨
جۆرەكانی تەڵاق-----------------------------------------------------------١٠
گەڕاندنەوەی ئافرەتی تەڵاق دراو----------------------------------------------١٣
ڕنینەوەی تەڵاق لەخۆ (الخلع)-----------------------------------------------٢٢

ئەگەر بێت و ئێمە بگەڕێینەوە
بۆ مێژووی پێش ئیسلام جۆرەها
زەواج و مارەکردن هەبووە وە
یەکێك لەوانە ئەم جۆرە زەواجەی
ئێستامانەو شەرع پەسەندی
کردوو هێڵایەوە، کۆمەڵێك مەرجی
بۆ دانا، لەو زەواجانەی کە پێش
ئیسلامدا هەبوو هەندێکیان بۆ
نمونە باس دەکەین



# پەیامی هاوسەرداری

د.عومەر عەلی

ISBN 978-168454167-6
9 781684 541676